# بزن و سەگ و مانگا

Fabian Wakholi
Marleen Visser
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 2

(uten bilder)

بزن و سەگ و مانگا پێکەوە هاوڕێی باش بوون. ڕۆژێکیان ئەوان پێکەوە بە بووس چوون بۆ گەشت.

کاتێ گەیشتن، شۆفیر گوتی پارەی بلێتەکانتان بدەن. مانگا پارەکەی خۆی دا.

سەگ پارەی زیاتری دا، چونکە وردەی پێ نەبوو.

ئەو کاتەی شۆفیرەکە بەنیاز بوو باقیەکەی بداتەوە بە سەگەکە، بزن بە بێ ئەوەی پارەکەی بدات، هەڵات.

شۆفیرەکە زۆر ناڕەحەت بوو و بە بێ ئەوەی باقیەکەی بداتەوە بە سەگەکە، ڕۆیشت.

بۆیە تا ئەمرۆش، سەگ بەرەو ئۆتۆمبیلەکان ڕا دەکات بۆ ئەوەی بزانێ ئەو شۆفیرەیە کە باقیەکەی نەداوەتەوە.

بزنیش کاتێ گوێی لە دەنگی ئۆتۆمبێل دەبێ هەڵدێ. ئەو لەوە دەترسێ کە بیگرن لەبەر ئەوەی پارەی بلێتی نەداوە.

بەڵام مانگا هیچ گوێی پێ نابزوێ کاتێ ماشێن دەبینێ مانگا زۆر لەسەرەخۆ لە شەقامەکان دەپەڕێتەوە، چونکە دەزانێ کە پارەی بلێتەکەی داوە.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## بزن و سەگ و مانگا

Skrevet av: Fabian Wakholi
Illustret av: Marleen Visser
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.